# کریستاڵ بە وەیش دەست پێدەکات



بەشی وەبەرهێنانی کۆمپانیای شانێل موزیکی هونەریی، هەڵساوە بە وێنەگرتنی گۆرانی "وەیش"ی تازەترین قوتابی ئاوازدانەر "هەڵکەوت زاهیر" بە ناوی "کریستاڵ".

کریستاڵ کچە کوردێکی لە دایکبووی شاری سلێمانییە، کۆمپانیای شانێل مۆزیک بە ئاوازەکانی هەڵکەوت زاهیر، ئەلبومێکی گۆرانی بۆ بەرهەم دەهێنێ.

دەگوترێ؛ ئەلبومەکە شیعری چەندین شاعیری جیاوازی لە خۆگرتووە. دەرباز یونسی شاعیر بە ماڵپەڕی کوردلاوی گوتوە: 'کریستاڵ بە ستایلێکی تازە و شێوەیەکی نوێ دێتە نێو مەیدانی گۆرانی وتن و قوتابیەکی تازەی هونەرمەند "هەڵکەوت زاهیرە'

دەرباز یونس سەبارەت بەو ئەلبومەکە ڕوونکردنەوەی زیاتری داوەو ئاشکرای کردوە کە تێکست و میلۆدی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر خۆی، کریستاڵ گۆرانییەکی بە ناوی "وەیش" کە سەرەتای تێکستەکەی دەڵێت "وەیش وەیش، دەستم بگرە بە دەسکێش" تۆمارکردووە و کۆتایی بە وێنەگرتنی کلیپەکەی هێناوە.

دابەشکردنی موزیکی ئەم گۆرانییە و سەرجەم ئەلبوومەکەی کریسال لەلایەن "هێمن حوسێن" و تۆمارکردنی دەنگی لەلایەن "کاوە شێخ" بۆ کراوە و "محەمەد جەمیل" وەک دەرهێنەر کاری لە کلیپەکە کردووە و لوکەیشنەکانی لە شاری هەولێر وێنەیان بۆ دەگیرێ.

جێی ئاماژەیە کە ژمارەیەک خانم لەسەر دەستی هەڵکەوت زاهیر هاتوونەتە ناو جیهانی هونەری کوردیەوە، بەڵام شارەزایان و مۆزیکژەنان بە دزینی ئاوازی عەرەبی و بیانی تۆمەتباریان دەکەن و ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرن کە هونەری کوردیان شێواندوە، بەڵام هەم خودی هەڵکەوت زاهیرو هەمیش خانمە گۆرانیبێژەکان ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکەنەوەو بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کارێکی بەرزیان ئەنجام داوە.

هەرچەندە ئاوازەکانی ئەو هونەرمەندە بە گۆرانی کوردی نامۆن و بۆنی عەرەبیان لێدێ، بەڵام دیسانیشەوە لایەنگری خۆیان هەیەو لەلایەن لاوانەوە پێشوازیان لێدەکرێ.

# ژیانی ئۆباما دەکرێ بە فیلم

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەست بە وێنەگرتنی فیلمێک کراوە کە ژیاننامەی منداڵی باراک ئۆباما، سەرکۆماری ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشان دەدات.

وەک دەزاندرێ باوکی باراک ئۆباما موسڵمان بووە، دوای جیابوونەوەی دایک و باوکیشی، دایکی شووی بە پیاوێکی موسڵمانی ئەندەنوسیا کردوە کە ئەندازیارێکی ناودار بووە، ساڵانی 1967 تا 1971 لەگەڵ دایکی و زڕباوکی لە جاکارتای پایتەختی و دورگەی جاوای ڕۆژئاوای ئەندەنوسیادا ژیاوە. هەر بۆیەش فیلمەکە لە سەرەتادا لەو شارەدا وێنەی لێهەڵدەگیرێ، بڕیاروایە دوای کۆتاییهاتن بە بە وێنەگرتن لە جاکارتا دیمەنەکانی دیکەی فیلمەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەست پێبکرێ، واتە ئەوکاتانەی کە باراک ئۆباما لە لای داپیرەو باپیرەی ژیاوە، دواتریش کە گەورەبووەو دەستی بە کاری بازرگانی و سیاسی کردوە.

فیلمی ژیانی ئۆباما لە دوو سەرچاوە وەرگیراوە، یەکێکیان ڕۆمانێکە کە لەلایەن نووسەرێکی ئەندەنوسی بەناوی 'دامیین دیماترا' نوسراوەو باس لەوە دەکات کە ئۆباما لە سەردەمی منداڵیدا هەم نوێژی کردوەو هەمیش قورئانی خوێندووە، زانیاریەکەشی لەو کەسانە وەرگرتوە کە کاتی خۆی لە نزیکەوە ئاگایان لە ژیانی ئۆبامادا هەبووە، بەڵام نازاندرێ کە ئایا لە دەرهێنەری فیلمەکە ڕێ بەخۆی دەدات باس لە ئیسلامبوونی باراک ئۆباما بکات، کە ڕەنگە کاریگەی نەرێنی لەسەر داهاتووی ئۆباما دابنێ.

جێی ئاماژەیە کە منداڵێکی ئەمریکا ڕۆڵی باراک ئۆباما دەگێڕێ، چەندین ئەکتەری ناوداری بەلجیکی، ئیتالی و وڵاتانی دیکەی ئەوروپی بەشداری لە فیلمەکەدا دەکەن، واش پێشبینی دەکرێ کە ڕۆژی 17ی حوزەیران و لەکاتی سەردانی باراک ئۆباما بۆ جاکارتا ئەو فیلمە پێشان بدرێ، بۆیە هەوڵی جدی دەدرێ تا ئەو کاتە فیلمەکە تەواو بکرێ.

کۆمپانیای مەڵتی فیژن بلیس ئەرکی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی لە ئەستۆ گرتوە، واپێشبینی دەکرێ کە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێ، چونکە خەونە ئەو منداڵە هاتۆتە دی کە بە هەتیوی ژیاوەو تێیدا سەرکەوتوو بووە.

**شادومان**

# ڕێکان محەمەد ئەلبومی وەفا بڵاو دەکاتەوە



هونەرمەند ڕێکان محەمەد لە دیمانەکەیدا سەبارەت بە دوایین ئەلبومی خۆی گوتویەتی: 'ئەلبوومەکەم ناوی (وەفا)یە، (13) تراکی لە خۆگرتوە، دوای ماندووبوونێکی زۆ، ساڵ و نیوێکی خایاند و هاتە بەرهەم، زیاتر لە (25) کەس کاری تیاداکردوە، یەکێک لە گۆرانیەکانی ئەم بەرهەمەم کلیپ کردوە بە ناوی (ڕۆیی) هەروەها (3) تراک بە زاراوەی کرمانجی ووتراوە و ئاوازەکانی ئەم ئەلبوومەش ئاوازی بیانی و فۆلکلۆریشی تیایە.

هەر لەو دیمانەیەدا هونەرمەند ڕەخنەی ئاشکرای لە کۆمپانیاکان گرتوەو گویەتی: 'لەگەڵ ڕێزم بۆ کومپانیاکان ئەوەندەی لەخەمی پارە کۆکردنەوەن لە خەمی هونەردانین، بۆ هەر کۆمپانیایەک بچیت پێش ئەوەی گوێ لە بەرهەمەکەت بگرێت مامەڵەی پارەت لەگەڵ دەکات، ناحەقیشیان ناگرم چونکە ئەوان وەک ئێمەنین پارە بەهەوادا نادەن بەڵکو کۆپی دەکەنەوە '

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دوڕگە**

# ژوانگە



## خوێندن لە دەرەوە

جاران لە کوردستانی خۆماندا ئەوانەی کە منداڵەکانی خۆیان بۆ خوێندن ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا دەکرد لە پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەدەکرد، ئەوانیش ئاغاو خاوەن زەویی و داراکان بوون، بەڵام ئێستا زۆرینەی بەرپرسەکانی وڵات منداڵەکانی خۆیان ڕەوانەی زانکۆکانی دەرەوەی وڵات دەکەن، بۆ خۆشیان ئەوانەی کە بڕوانامەیان نیە، یەخەی زانکۆیێکی ئەهلی دەگرن و بەهەر نرخێ بێت، بڕوانامەی لێ وەردەگرن.

لەو ڕۆژانەی دواییدا سەرچاوەکانی هەواڵی ئێران ئاشکرایان کرد کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری داوە کە نابێ هیچ وەزیرێک منداڵەکانی خۆی بۆ خوێندن ڕەوانەی وڵاتانی دەرەوە بکات، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا بەرپرسان پلەو پایەی خۆیان بۆ خۆسەپاندن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان بەسەر دیترانددا دەکار نەکەن.

هەڵبەت پێشتر لە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغداد، ڕێ بە منداڵی گەورە بەرپرسان نەدەدرا کە بۆ خوێندن بچنە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵکو زۆربەیان ڕەوانەی ڕوسیاو وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی دەکران، هەندێکیشیان منداڵەکانی خۆیان ڕەوانەی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی دەکرد کە هەر هەموویان بە خۆڕایی بوون، بەڵام ئێستا خوێندن لەناو وڵاتیش بۆ خەڵکی ئاسایی بە گران تەواو دەبێ، کەچی خواپێداوەکان لە ناو وڵات بە ئاسانی بڕوانامە وەردەگرن، لە زانکۆکانی وڵاتانیشدا زۆر بە ئاسانی دەتوانن کە بڕوانامە بکڕن! بەوهۆیەشەوە هیچ نرخ و بەهایێک بۆ بڕوانامەکان نەماوەتەوە. ئێستا لە سێبەری جیهانگیری و ئینتەرنێتدا لە زۆر لاوە بەپارە بڕوانامە، تێزی ماجستەرو دکتۆرا دەفرۆشرێ، بەوهۆیەشەوە دەوڵەمەندان و بەرپرسان هەر کاتێ بیانەوێ دەتوانن چەندین بڕوانامەی گەورە لە ماڵەکانی خۆیاندا کۆبکەنەوە، بەڵام ئایا ئەو شێوازە وڵات بەرەو ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتن دەبات؟!

لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ویستویانە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو بهاوێژن، حکومەت بایەخی زۆر بەو فێرخوازانە دراوە کە بەهرەو توانایێکی کەموێنەیان هەیە، بۆ ئەوەش بەرنامەی گونجاویان داناوە، فێرخوازە زیرەک و بەهرەمەندەکانیان ڕەوانەی زانکۆ بەناوبانگەکانی وڵاتان کردوە. کۆنتراکتان لەگەڵ ئیمزا کردوون و ناچاریان کردوون کە دوای تەواوکردنی خوێندن بگەڕێنەوە وڵات لەبواری بەرەوپێشەوە بردنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیادا خزمەت بکەن، بەڵام مخابن زۆرێک لەوانەی کە ئێستا ڕەوانەی هەندەران دەکرێن تەنیا بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەیە، ئامانج بەرەو پێشەوەبردنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا نیە. هەربۆیەش لەوانەی کە لەساڵانی ڕابردودا بە پارەو ئیمکاناتی حزب و حکومەت ڕەوانەی دەرەوە کراون، کەسیان نەگەڕاوەتەوە کە شوێنپەنجەی لە بواری ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی پیشەسازیدا دیار بێ. باشە ئەگەر وایە خوێندن لە دەرەوەی وڵات چ سودێکی هەیە؟!

ئێستا کارگەکانی وڵات پڕکراون لە خەڵکی بیانی، ئەندازیار و داهێنەرانی خۆمان دەگمەنن، هەر ئەوەش وایکردوە کە کەرتی پیشەسازی پێشنەکەوێ و بە ناچاریەوە لقی کارگەو کارخانەی وڵاتانی دیکە بهێنرێنە کوردستان و سەرمایەی وڵات هەڵبلۆشن.

دەبێ تێبگەین کە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز لە زانکۆی ناوداری جیهانی بۆ ئەوەیە تا پیشەسازی و تەکنەلۆژیای وڵات پێشبکەوێ، نەک بۆ لافلێدان و بەمەبەستی وەرگرتنی پۆستی باڵا!

**شێرزاد وڵاتدۆست**

# فەرەنسا بەهمەنی قوبادی بە فیلمسازێکی بەتوانا دادەنێ

شەوی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2010-5-11 لەسەر بانگهێشتی بێرنارد کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، فیلمی سینەمایی 'پشیلە ئێرانییەکان' بە ئامادەبوونی 500 میوانی تایبەت لە بەرپرسانی باڵای فەرهەنگی، سیاسی و دەزگەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتی فەرەنساو بەئامادەبونی خودی بێرنارد کۆشنەرو ڕاوێژکارەکانی،لە هۆڵی سینەمای وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لە شاری پاریس پێشان درا.

لەسەرەتادا، بێرنارد کۆشنەر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە بەهمەن قوبادی بانگهێشتنەکەی پەسند کردوە، لەو پێوەندەدا گوتی: ئەو سینەماکارە ، فیلمسازێکی بەتوانایە، نوێخواز و ماندوونەناسە.

ئەو قسانەی کۆشنەر وەک ناساندنی بەهمەنی قوبادی بوو بە میوانەکانی. هەروەها بەهمەنی قوبادیش وێڕای سوپاسکردن لە کۆشنەرو میوانەکانی، ڕایگەیاند کە ئەو فیلمە پێشکەشە بەو پێنج چالاکوانە کوردەی کە لە ڕۆژی 9ی ئایار لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەسێدارە دراون.

دوای پێشاندانی فیلمەکە، ئامادەبووان بە چەپڵەڕێزان ستایشی فیلمەکەیان کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەرهێنەرەکەی خواست.

بێرنارد کۆشنەر لە ستایشی بەهمەنی قوبادیدا گوتی: ' بەڕێز قوبادی ئەو فیلمسازە بەرجەستەیەی کورد، بەبێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە تەوەری سیاسی بکات ئێمەی بردە ناو دڵی تارانی گەورەوە و خەڵکانی تێکۆشەر و هونەرمەند و بە فەرهەنگی ئەو وڵاتەی بە ئێمە ناساند، تاکوو ئێمە لەوەی کە لەم ڕۆژانەدا لە ئێران تێدەپەڕێت، ئاگادار بکات'

جێی ئاماژەیە کە دوایی هەر یەکە لە بەهمەنی قوبادی و موحسینی مەخمەلباف و عەباسی بەختیاری وەک سێ دەرهێنەری سینەمایی داوایان لە وڵاتی فەرەنسا کرد تا گوشار لە ئێران بکەن بۆ ئەوەی جەعفەری پەناهی هاوپیشەیان کە ئێستا لە ئێراندا زیندانی کراوە، ئازاد بکرێت.

# شەزا حەسون سەردانی هەولێر دەکات



خانمە گۆرانیبێژی عێراقی، شەزا حەسون لەکاتی کلیپکردنی گۆرانی (شو فی بینک و بینها)دا بە پەیامنێری ماڵپەڕی ئیلافی ڕاگەیاندوە کە لەبەرنامەیدا کە بۆ مانگی ڕەمەزان سەردانی چەند وڵاتێک دەکات.

شەزا حەسون لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا، لەو کاتەی کە لە چێشتخانەی ڕۆژهەڵات لە ناوچەی ئەلسودیکوی شاری بێروت دا خەریکی کلیپکردنی نوێترین گۆرانی خۆی بوو، لەلایەن پەیامنێری ماڵپەڕی ئیلافەوە پرسیاری لێکرا. ئەو لەوکاتەدا زۆر شادان بوو، دڵنیایی بە نوێترین گۆرانی و کلیپەکەی پێشان دەدا، ئاشکرای کرد کە لە وەرزی هاویندا سەردانی چەند شارێک دەکات و ئاهەنگ دەگێڕێ؛ لەوانەش عەممان، قاهیرە، بێروت و هەولێر. هەروەها ئاشکرای کردوە کە لەمانگی ڕەمەزاندا سەردانی دیمەشق و دوبەی و چەندی شاری دیکە دەکات و کۆنسێرت ساز دەکات.